

# شیعر

دلاوەر قەرەداغی

# ژیانێکی بچووک





شتێکمە
نازانم چیمە،
تەنها هێندە دەزانم شتێکمە
دێم و دەڕۆم و
لەبەرخۆمەوە ورتەورتێکمە
نازانم هەر وردە گلەییە یان گۆرانیی
هێندە دەزانم دڵم خۆشە و ناخۆش
نازانم چیمە،
بەڵام دڵنیام شتێکمە

بەیانییە،
لەبەر دڵی سادەیی
بە ڕدێنێکی تەنك و وردە پەڕی
وەریوی باڵندەکانی خەون
لەسەر شان و سەر و مل،
بە پێشوازی تەنیایی ئاوێنەوە دەچم،
بە بزەیەکی منداڵانەوە
خۆم لە پەڕ و گەڵا و گیا دەتەکێنم و
بە دەم دەموچاو شتنەوە

بۆنی قاوەیی تۆخی تەنیایی
کە خاو خاو... خەریکە لە دڵدا چڕ دەبێ،
ئەڵقاوئەڵق
وەك منداڵێکی بزێو
خۆیم تێوە دەئاڵێنێ.

چاو لە شتی زیادە و پاتاڵ دەپۆشم
لەبەر دڵی کرانەوە
پەنجەرەی ڕوانین
نەختێ بە سەر حاشییەدا کەلا دەکەم
دەیدەم ئاوێکی ئینجانەی شینی وشە،
هەر بۆ خوێی ژیانیش
دەیکەم نمەکێکی ماڵی کولێرە
بە شوکرانەبژێرییەك و کەوچکێك ماست و
چایەکی شیرین.

به خۆمەوە خەریکم
جار جار
دەنگم دەنووسێ
کە ئەوەندە لەناو خۆمدا
گۆرانیی دەڵێم
کە ئەوەندە بە سەر خۆمدا دێم و







ئەوەندە لە خۆم تووڕە دەبم
شەکەت دەبم،
کە ئەوەندە
بێدەنگ لەگەڵ خۆمدا شەڕمە و
ئەوەندە ئاشتم و
ئەوەندە میهرەبان
لەگەڵ خۆمدا دەدوێم

ناو بەناو دەچمە دەرێ
بەڵام زۆر بیری خۆم دەکەم لەماڵەوە
زۆر لە خۆم دەکەم و
جارجاریش وڕك لە خۆم دەگرم
کە بەنگ نەبم و دەستبەجێ بچمەوە
هەمیشە بە مەبەست شتێکی گرینگ
جێدێڵم لە ماڵەوە،
تا بیری خۆمی بهێنمەوە شتێکم بیر چووە و
پەلەپەل بە دوایدا
بێمەوە.

گۆشەگیریم دەبەمەوە ناو شیعر
تەنیاییم ئاکنجی قەڵایەکە
بەرز و

دەورەدراو بە شوورەی مەحاڵ
خاترجەمم،
هیچ کەس لێرە منی بۆ نادۆزرێتەوە
کەس ناتوانێ بە وەخت و ناوەخت
خۆییم پێدا بکا و
هەڵبکوتێتە سەرم

لە دەرەوە بە زۆر شت
بریندار دەبم
لە قووڕاوی بازاڕ و
بۆسۆی کۆڵان و
قەرەباڵخیی جادەکاندا
قاچ هەڵدەکەم،
کوت کوت ئەوەی بتوانم هەڵی بگرمەوە
لە خۆم،
دڵۆپ دڵۆپ بە خوێنێکی شینەوە،
هەڵیدەگرمەوە،
ئینجا چاوم دەسڕم و
دەڕۆم

جاروبار میوانێکم دێ
بە خۆی و پەپوولەپاییزەی



شیعر



سەر دڵی
بە خۆی و کوژەکەشینەی نیگای
بەر لە خۆی، عەتری دەگا
بەر لە هەوری، بارانی دادەکا
دەگا فەرسەخێ بەر لە ترپەی دڵی،
خورپەی
بەر لە پرووشەی،
کرێوەی
بەر لە نمەی،
لێزمەی
بەر لە مژدەی هاتنی،
نوقلآنەی چوونەوەی
دەگا .... بەر لە سەفەری،
ڕێگای
بەر لە شنەی،
ڕەشەبای
بەر لە پاییزی،
سەوزیی نیگای...
شیعر ماڵی منە
خشت خشت ڕۆم ناوە
بە ڕەنجی فەرهادئاسای خەیاڵ
لێم چۆڕاوە دێڕ دێڕ ئارەقە

ساڵی سێیەم
ژمارە
8
ئاب
2018

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

لەبەر کرێوەی زستانانی
زوقم و سەرمای
دەستوپلم هەر هەمووی بووەتە تلۆق
بە گرتنەوەی ئەکسیری ئاماژە
بۆ هەڵچنینی لەرە لە سەر ڕیتم
چنینی هارمۆنیا لە توێی سیمبوڵ
پشتم چەماوەتەوە
بە نووشتانەوە و گوێڕادێران لە دڵی ئەرز و
سواخدانی دیوی دەرەوەی زوبان
بە مەجاز،
شیعرماڵی منە
بە کۆڵ دەریچەم بۆ هێناوە لە شام و
کلاوڕۆژنەیش
لە شیراز!

لە گەرمەی ئیشام
تاق تاق بە دەوری خۆمدا دامناون
کەموڵەی پڕ لە تام و بیستن و بۆن
وەك کیمیاگەرێکی سەرسەخت و نائومێد
شەلاڵ لە تەنیایی و ئارەقە
لە هەوڵی شتێکدام گچکە و مەحاڵ،
لە خەیاڵی دۆزینەوەی کیمیای



شیعر

سووکە ئاماژەدا،
کە خۆڵی پێ بکەمە زێڕ و
زیخیش بە کریستاڵ!



زوبان ماڵی گچکەی منە،
هەر بیستوشەش پیتە جەنگاوەرەکەی
سوپاگیری دەکەم و
سەنگەر لێ دەدەم
لە بەرەی پێشەوەی ژیان،
ژیانێکی بچووك
تایبەت بە دەنگ و بە ڕەنگ و
بە بۆن و
بە دونیای خۆم
دونیایەك هەر هێندەی لاقی خەیاڵ ڕاکێشانێ
لە ماڵۆچکەی شیعردا و
شان دادان لەسەر
باڵشتی باران!

**ئۆگۆستی 2017**